**فاکسێکی زیهنی بۆ ئێوە...**

**کارێکی سەختە پێشەکی بۆ یاخی بون و سەرشێتی خۆم و فەزای بیرکردنەوەو نوسینم لەهێڵە جیاجیاکان و فەلسەفەی مەرگدا بنوسم. ئەم شارایەم پێکهاتەی هەمو ئەو شیعرانەیە یاخی و سەرشێت بون، وەکو دیوانی(مرایا الوجود)و(ئێشکگری کفنپۆش)و دەیان شیعرو رۆمانی ترم نەمسوتاندن، کاتی خۆی زۆریان لە (کەوتنەخوارەوەی گەردون)دا بەسەد تیراژ بڵاوبونەوە، جارێکی تر سەرلەنوێ بەسەریاندا چومەوە، گۆڕانم لەزۆریاندا کردوە، بەڕاست کردنەوەو ڕێککردنەوەو لابردنی(وو)ئەم چاپەش کۆی هەمو شیعرەکانە تا ئەم ساتە، جگە لەوانەی بەعەرەبی نوسیومن و وەرمنەگێڕاون، دەبو بەپتر لەدە دیوان بڵاو ببونایەتەوە. لەبەر ئەوەش بەناکامی بە شارا چاپی یەکەم بڵاودەبنەوە,**

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زوڵمەی لەم شیعرانە کراوە(جەنگی جیهانی سفر)چەند ژمارەیەکم بەچاپێکی خراپ لێبلاوکردەوە(کفنپۆشو کەون)لەوساڵەدا تەنیا ئەوو(ئێشکگر)م مۆری سوریان لێدرا، پاش ئەوەی زۆربەی رستەکانیان قرتاند، بڕیاری چاپی ئەویاندا.

ئەوانەش پەیوەندیان بەهەژاری منەوە هەبو، لەسەر ئەرکی خۆم کتێبەکانم بەژمارەی کەم چاپکردوە، لەبەر ئەوەی دەرگاکانم لەسەر کڵۆم درابو، لەژێر چەتری دەیاها ناحەز بەخوێنم تینوبون رچەی سیبریام لەئەکادیمیای شێتی ئەدەبدا شکاندوە، جێگەی شانازیە سەرەڕای ئەو هەمو تەنگەژەو بارە ناهەموارە خوێنەران و رۆشنبیرانی بیرتیژ هاوڕێی فەلسەفەی مەرگم بون، ئەوانەی بێسڵەمینەوە لەسەریان نوسیون. بەتایبەتی لەبواری عەرەبی، هەندێکیان بەعەرەبی بلاوبونەوە بونە مایەی مشتومڕو بەردەوام خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، لێرەش بەبێکەسی کەڵەکە دەبون، جێگەی خۆیەتی سوپاسی خاتو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بکەم کە ئەرکی چاپی یەکەمی گرتە ئەستۆی.

هەتا ئێستایش لەم فیدراڵیەدا ئەو هەورە شیعریانە ئاهەنگسازی بۆنەکانی بون تێکەلاودەکەنەوە، لەئەزمونە جیاوازەکاندا، لەزەریای گومان و پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکان، لەفەزای نادیارو شاراوەکان، لەدرەختی بیرکەرەوە: بۆنی بون لەمەرگ و ژیان، لەودیوی شتەکان و

زەمەن و بون و مێژو زمان، بۆنی حەقیقەت لەیەقین، بۆنی ئەو رۆحانەی دەچنە شوشەی زێڕنەخشی نەمری هەڵیاندەمژمەوە.. بەبۆنی خوێنی نەشتەری ژەهراو..شەپۆلی پرسیارە ئەزەلیەکان و گومان؟ لەیەقینەوە بەیەقینا بۆندەکەم، بەرەو زەریایەك قوتوی هەزار رەنگەی عەتاری مەرگ بدۆزمەوە، کە تەنیا بۆنی مەرگ نەمرە!

بۆنی کفنی باوکم و دایکم بەسەر گێژەڵوکەی زەمەنەوە بەلوتمدا دێن.. بۆنی ئەو هەناسانە دەکەمەوە لەسەر مەمکی دایکمەوە دەیگرتم، ئێستاش حەز دەکەم وەك ساوایی لەگۆڕەکەیا ئەو بۆنە هەڵبمژمەوە.

# درەختی دەسڕ

گەردون ئێستا گڕوگاڵی بێشکەیەکی فۆتۆنیەو

زایەڵە زەنگی شوشە رۆحی دەم(با)ی(وشە)!!

چرۆ تۆوی رەگەزبونی بەخەزانی فیکر وەراند!

تەزوی زمان بەتەرزە ئاژێری مێشك پژا

گریانێك لە تونێلی هەتایی دێت:

(گەردون بەپرچی خۆێنینی درەخت تەنرا)

دەسڕی سواڵ بەگێژەڵوکەی بیرەوە خوێندرایەوە(...)

کۆگیتۆی چاخی بەردینی خستە فیزیا(.)

گەردونێك بەتەلێکسی کچە قەرەجێکی ناو(با)

جوگرافیای نهێنی (بون)ی بەقژە سەر نەخشاندەوە،

چیە ئەم چاوو کەلانەی بەلۆگۆسەوە بارگاوین؟

پڕ لە فۆتۆی حامورابی و شێرە خۆرەی ئێستاو دوایین

لەم دارستانی رۆح چرۆیە مێژو تەنیا جومجومەیە

(بون) گەڵا رۆمانی سیبریایە (..)

عیشق بەپریشکی بەرد نوزەی دێت

سەهۆڵبەندانی (بون) هەسارەی ئاگری دەردا:

جەنگی گەردونی بەکێمە عیشق بڵێسەی گرت(...)

***

ئەم زریانە گێژەڵوکەی کوژاوەی لۆگۆسی (بون)ە(...)

لەحەرفی خۆڵاوی دەسەسڕی مێشکەوە دێت(..)

بلوێن دەسڕ بەکێم و دەزوی خوێنینی تێکەڵەوە

خومخانەی گەردونیان بەکابەردین رەنگکردەوە

وێنەی جیهان تێکەڵ بەسەگێکی پەڕیو بووە(...)

بەئاو بەندی زەمەنی بیرو فەلسەفە

رەگی فیزیا لەیەکپچڕان(.)

**دەسڕی زەمەن بەتلیاکەوە تۆوچەن بون**

**خومخانەی مێشك وێنە نیگای مێژوی هەڵڕشت**

**مرۆ لە (بون) جیابووەوە(..)**

**گەردون لە روخسارو جوانی(...)**

*******

**ئێستا فەزا بەدەسڕی هەزار رەنگەوە چنراوە(...)**

**ئەستێرە بارانی وێنە کۆرپە پارچە پەڕۆی خۆڵاویە..**

**ئەوە دەسڕێك زمانی گرت!!**

**رەنگاڵەی دڵۆپە عارەق و شیرو ئەشك و وشەو تفە**

**وێنەی ئەو رۆژانەی لە کۆڵان و بەر مزگەوتا**

**پروشە پاروی دەوەریە بەر مێرولەو**

**مەمکی بەبای زەیستانیەوە رەق دەبو**

**گریەی کۆرپە بەژەکەوە مانگی دەگرت**

گوڵەگەنم لە روانینا (بون)ی بەئەستێرە پۆشی

چیە ئەم زریانی بەردە ؟

ئەم تراویلکە فسفۆڕیانە؟

کشتوکاڵی زەوی بەمرۆی مێرویی سەوزە

مێرو بەبای زەیستانی ونبون

ژیان لەفەزای دەسڕێکا نیشتەجێ بو

(بون)بەتاڵیشکی بانگەشەیەك دەتوایەوە

تابلۆی کچێکی غەوارە بۆ دەسڕەکەی دەگریا(...)

***

سەگێك لە درەختی بیرکەرەوە گەڵای دەرکرد(...)

وشەی عیبری و حەرفی لۆگۆسی تێکەڵکرد

تۆوی زەوی بو بەتۆزی مۆخە مرۆ

کەللە بەگەڵای (بیر) وەری

عیشقی روانین فیزیای هەسارەیی کێشا

لە گێژەڵوکەی بەردەوە بەدوایدا چوم

دەسڕێکی زیوینم هەڵگرتەوە .......

نامەم بۆ سەگی دێرینە نوسی(...)!!

لە دوا بستی گەردونەوە یەکمان بینی

تەنیا کەپرێك بەدەسڕێکی فرمێسکاوی

بو بەفەزاو زەوی (بون)مان(...)

***

خۆرئاوا لانکەی بەرد بارانی سیزیفیە(...)

لە ئاوێنەی کۆرپە سەرابی هەوری فیکر

فیلمی درەختی دەسڕ لە نە(بون)ا دەشواتەوە

کێ دەتوانێت فۆتۆ شۆپی خۆی ببینێت ؟!

بۆ یەکەمجار بچێتەوە ناو منداڵدان؟

لەم چرکە ساتە تێکەڵە

روانین لە عیشقی مردنا دەتوێتەوەو

مەرگ دەزوی نەمری بون پەخش دەکات

نامەم بۆ سەگی عاشقم نوسیەوە:

(تەونی مێشك دەسڕی روانینی تەنیوین(...)

ئەگەر مردم بەو دەسڕە کفنم بکە

هەتا لەخومخانەی وێنە بەیەك بگەین)...

***

گەردەلولی حەپەی سەگەل سەرابی بۆشایی گێژدا:

رەنگە تەرمم بۆ گۆڕی شوشەی دڵ ببەن؟

چیە بروسکەی تەنیایی شەوارەی چاوە سەگێکە؟

تەنیا نوزەی زامە لێوی سەر مەمێکی شێر پەنجەیە

گەردون لە ئاگری چاویا هەڵماتە شوشەی تێزابە

دەسڕی کفنم بەسێزیفی زمانەوە دەچنێت(...)

لەبەردەم دایکیا رایدەخات

لە لاپەڕەی عیشقی کەوتنەخوارەوەی بونەوە

بەبۆنی رەنگاڵەبوی دەسڕە سواڵ

مێژوی(ئێمە)و(بون)و(جیهان)تۆمار دەکات(...)

***

کۆشکی زەوی هەزاران دەسڕی گێژدا(...)

پەرداخ بەزێڕی نەخشەوە دەسڕچن بو

پێك بەدەزوی وێنە کچگەل خورانەوە

وێنەو روانین بەتلیاکی فیکر پۆشرا

(تامبۆ) بەئاوی نێرەموك چێنران

بێشکەی فیکر بەبای دەرون رادەژەنرێت

فیکر وێنەی زمانی مۆخ دادەهێنێت

لەم گێژەڵوکە فەلسەفیە گومان تەنیا دەسڕێکە

چارۆکەی دواکەشتی دەگرێت(...)

ئەوە سەگێك بەهاڵاوی دەسرە ئەڤێنەوە هاتو

شارستانی چاخی بیستو پێنجی کێشا

لەم یۆتۆبیا روخساریە بون دەسڕی شێرپەنجەیە

ژیان تۆڕی کەرنەڤاڵی حەشیشەیە

وێنەو روخسار لەدەسڕی فەلسەفەیا پێچرایەوە

ئێستا دوا ئاوازی کارامازۆڤ فیزیایە...

هەمو ساتێك بەلەرزەی فەزای بونەوە

نامە بۆ گەردون چاپ دەکات(...)

***

دارستانی مێشك لێرە دەسڕی وشەی گرتووە(...)

زەوی بەکشتوکاڵی تەونەوە تاڵیشك دەگرێت

# زەریای بەرد

ئێستا زەمەن نوزەی گەردەلولی ساوای بونە(...)

گزنگ پەرشی وشە رۆمانی مریەمە

فۆتۆنی رەش چاوی بونی سیواخداوە..

مەحشەرە رۆژ لە ئاوێنەی نەبونەوە

بڵێسەی گڕ بەشا دەمارا دەهێنێت(...)

***

پێڵاو بەبزماری مێشك تەنرا(...)

گەردەلولی وشە لە زەریایا سەوڵی لێدا

گۆرانی شاتیلای رۆحی دەژەند

قرچەی چاوم بەشمشێری زمانەوە

تریشقەی هەسارەی بەردە مەرگی نوسیەوە

پەرداخەکانتان لێوان بون(..)

خوێنم بکەن بەخێوەتی مێشکی سوپا(...)

ئاوێنەی نەست(...) دەست و روخسارتانی تیایە

لە روباری ئەشکو کێما شەپۆل دەدەن!!

ئێرە سەرسەری یۆتۆبیای رۆحی ژینە!

رەنگتان تێکەڵ بەسەهۆڵی نیاندەرتاڵ!

وێنەی سەربڕینی مناڵەکانمی کێشاوە(...)

***

من و ئێوە شاری روانینمان نامۆیە(...)!

لە بیابانی ئیسماعیلدا هۆمیرۆسی جوانیتانم!

قوربانی سی چەرخ سپی دەبێت!

رۆح و دڵ و جەرگم بخۆنەوە(...)!

کوڵوی تەنورە گڕ ناسنامەمە!

مۆخم بۆتە بۆسۆی وشە(...)!

تا ئەو ساتەی گەڵای شمشێر!

لە درەختی خوێنینەوە سەوز دەبێت(...)!

***

وێنەم لە شوشەی شارەوە بو بەخوێناو(...)!

گەردەلولی ئەزەل گرتی(...)!

چادرێکم لە نەبونی تف و هەناسەیا هەڵدا

تەنافە شەیتانەی وشە پێچامیەوە

زەریای ریخۆڵە هەست و نەستی شۆریمەوە!

وێنەی شارێکی قابیلی هەزارە بو(...)

***

سەگێکم دی لە تەحریرا گەڕو گول بو(...)

زامی هاوینەی لێویم ماچکرد!!

گۆپکەی برینم تەقین و

روخساری بو بەخوێنێکی شەختە گرتو(...)

گریانم بو بەتەبەقێك لە سیبریا!

تەرزە روانینی خوێنینی ئێوەی داکرد

شیرە خۆرەش بەمەمەوە خواردیانەوە(...)

شارێك بەناڵەی یاقوتیم سەر مەست کرا

بەدوای دەزوی خوێنمەوە تەریب ببن

سەگی گول و تاعوناوی بگرنەوە

جیٚ هەواری من دەزانن(...)

تونێلە وشەی حەرفی ئاسکیمۆی ئەسخیلۆس

بەوشەی سەوز کفنم لە بەرد بۆ دەدورێت

گۆڕێك ناونیشانی شوشەی زمانی مردنمە

زەریایەکی لە تنۆکەی رۆژانەتان ژیاندەوە

لە ژێر پێتان سەگی برسی دەشواتەوە(...)

***

ئێستا ئاوتان تێکەڵی یاقوتی رۆحم بووە(...)

مەگەر مەحوی عەزا پۆشی حەسرەتم بێت.

رۆحم شینە؟! یاشینی شین شینی شین شینە؟!

لە گڕکانی رەنگاڵەیی وشەی مەرگم

ئەزەل هات و

ئەستێرەی بێکەسیان رەنگ کردەوە(..)

لەم یۆتۆبیا گەردونیە دۆژە ئاوێك

ئێوە بەکێم دەشواتەوە(...)

وێنەی شیرو پەنجەو زەخرەفەی روخسارتان

تاشێك لە ئالآی ئەهریمەن زمان دەگرێت

بەشیلاوگی نەبونەوە پەڕەی بونم دەشواتەوە(...)

***

چرای مێژو بەرەگەزی مۆمیا سوتا(...)

گەدەم زەریای ئاوبەندی ژانی گەردونیە

گەردەلولی سەرابی وێنەو رۆح و چرپە

زەقومی دۆزەخی جیهان تێرم ناکات

هیوام تەنیا مەرگێکی سەوز باوە

بەخامێکی سپی سپی (..)

هیواو حەزم لە بریسکەی شیرتانەوە سەوز ببێت(...)

***

مورری ئاودار بەگڕوگاڵی گەردونی زەنگی لێدا(...)

تاقە گریانێکی (من) بو بۆ دایەی مەرگ

وەکو موسا هیچ مەمکێکم نەخستە لێو(...)

جگە لە شیری مەرگەسات

وەکو نیوتن هیچ سێوێکم نەگرتەوە

جگە لە فۆتۆنی مردن(...)

سێوی حەوام هەڵدا بۆ شاری رۆحکێشان

گیای نەمریم بۆ گلگامشی مەرگ هەڵدا(...)

گەردون بەسێوی بونەوە گێژەنگیدا

تۆوی مردن لە هیچ جێگایەکا نەبو

ئاوی دو دەریام تێکەڵ کرد(..)

بەخوێی ژان و برینی رۆح

بەشیری مەرگم تێکەڵ بون(...)

***

پەڕەی رق و حەرفەکانی بە روانینما توایەوە(...)

زەمەنی دڵدارێکی لە خاچی ئەستێرە کێشا

هەسارەکان لە ناو بیرما تەقینەوە

چیای کوشتار بەهەوری نەمری تێکەڵ بون

تەنیا وێنە بو بەیاقوتی نەمری

تابلۆی مەرگم بەوێنەی عیشق رەنگاڵە بو(...)

***

پەڕی سەمەندەلی نەمری دوا ئاوازی ساواییمە(...)

تێزابی دوڕ بونمی بەنەمری مەرگ تواندەوە

مۆخم پریاسکەی زمانی گڕوگاڵی عیشقە مەرگە

بلوێن وێنە تاریکخانەی بونیان پڕکرد

مێژو لە ئاوێنەی (بون نەبون)ا تیشك دەدا

وێنەی پشتتان لە سکی (با)یا بدۆزنەوە(...)

***

رۆحم بەبەردە وشەی دوا پاساریەوە هەڵچنرا(...)

لە پەڕەی بەرد مێژوی (من)و (ئێوە)ی نوسی

(من) لە بەردی سیزیفی (ئەو) بۆ (تۆ)ی نەبون

(ئەوان) لە بەردی کۆتایی زمانی (بون)

لێرە گۆڕێك ناونیشانی منە بۆ (ئەو)

لە گێژەڵوکەی روانینما زمانی (با)م

بەپروشەی بەردە زمانەوە دەپژێت

لەم بەردستانە زمانی بەرد لە بەرد دەپژێت

جوتیاری بون بەوشەی (ئەو) شەتڵە مەرگم دەچێننەوە

چیرۆکی بەرد بۆ وێنەی بەرد

بەرد(...)

ب(.) ە(..) ر (..) د(...)بەرد(...)

لە رۆژنامەی ئەدەبو هونەری کوردستانی نویٚ

ژمارە(5495)لە2011/6/2 بڵاوبۆتەوە

چاو لە بەردی ئەهریمەنا دەکوژێتەوە

پزوی عیشقی زەوی پچڕا(..)!!

لە بانگەشەی پروسکی خەففەی جیهانا؟!

دڵێك لە بەرد وێنای کردوم

هەناسەم خۆڵی خوێناوی تێزابی پیرۆزەیە

چی بارانێك بێنم بۆ چاوانی (بون)؟!!

مێژوی عیشقی بەردتان بۆ بنوسێتەوە!(...) 2009/2/28

لەژمارە(627)ئەدەب و هونەری کوردستانی نویدا بلاوبۆتەوە.

دەبێت بچمە هەوری شوشەی گۆڕستان و

فەلسەفەی دڵداری مەرگ مۆرکەم(...)

***

عیشقی مەرگ بۆتە تەونی هەزارەیی(...)

گومان وێنەی شێتی لە مەرگی منا شتەوە

سیحری زەمەن لە رۆحی خەفەما دەرچو

ئاوێنەی سێو ژەهری شکایەوە

مرۆڤ بەفرمێسکی ئاگر تێکەڵ بووە

کێ دەڵێ نابنە یاقوتە مردنی رۆح ؟!!

گومان بکەن لە رەنگی فرمێسکی هەتاو ؟!!

چیرۆکی بون بۆ سەرەتا گەڕایەوە

وێنەی موساو هابیل و قەل دەگرێتەوە(...)!!

***

ئەمشەو سێوی فەلسەفە گەردونی گرت(...)

سوقرات بەسدرەو زەیتونەوە موتوربە بو

گوتی : ژەهری فەلسەفە ناخۆمەوە!

ئێستا جەنگی گەردونی سێو

ژەهری فیزیا لە گەردونا شەتڵ دەكات

پیاڵە ژەهرەكەی فڕێدا

یوسف خەوی بینیو بۆ كەسی نەگێڕایەوە(...)

نوح كەشتی زانستی سوتاند!!

موسا زەریای بەخۆڵ وشك كردو

عاسای گرتە سەدەی ئەتۆم

قابیل هابیلی نەكوشتو

قەلە ڕەشیش نەهاتە خوار (..)

ئادەم بەحەوای نەگوت تا سێو نەخۆات

بون بەهەوای زەیستانی سەمەندەلەوە مۆمیا بو

حەواو ئادەم لە فەزاوە مۆمیا بونو

شەیتان بووەوە بەئاگر (..)!

زەوی بو بەدۆژەی هەناسەدان

زەریاو خۆڵ و هەوا بەسێوەوە تێکەڵ کران(...)!

***

لە گۆڕستانی دایکا بۆ شیرە خۆرەی بون گەڕام(...)

ئاگری نەمریم لە فۆتۆنا دۆزیەوە

درەختی فەلسەفە سدرەی دەرکرد

دیکارت گوتی: منی بیرکەرەوەم لەلاشعورا دەرهێناو

هەسارەی بونم نەپێوا

هەتا گەڵای ڕێکەوتە مەرگ سەوز ببێت

بیر دەکەمەوە کەواتە من بوم بەمەرگ

گەلاَیەك بیَ سەرەتاو كۆتایی بون

عاسای فەلسەفەی هەڵگرتو هاواری كرد:

من گەڕیدەی پرسیارێكم لە زانستا بزر بووە

كیَ زمانی مەرگی بونی وەرگێڕاوە(...)؟!

***

گیای نەمریم بۆ گلگامش دۆزیەوە گوتی : لایبە

ئێستا وەك تۆ بەدوای گیای مەرگا عەودالْم

بنجە گیای مەرگ لە گەردونا گێژی كردوم

ماركس مەرگی لە شەتلَی زەیتون و سدرە چاپكرد

نیتشە دوانی بونی خستە شەتلَی گومانەوە (..)

دوّلۆز لە ریشەی دوانیا فیزیای نەخشاند

مەرگ و نەمری لە زەیتون وسدرە هەڵكەند

بەریشالَی دو درەختا شەتلْ بونو

2007/12/6 /سلێمانی/ ئینتەرنێت نێتی شار

1–سدرە:ئاماژەیە بەئایەتی 14 لە سورەتی نجم(عند سدره المنتهى).

2–سدرەو زەیتون دو درەختن جەدەلێکی گەورەیان لە رۆشنبیری رۆژ ئاوا دروست کردوە، بەتایبەتی لای مارکس و نیتشەو دۆلۆزو ئەوانی تر. دواتر لای دۆلۆز لەسەر تاکایەتی( الوحدانیه)وە دوانی (الپنائیە ) تا رادەیەك ریشەیەکی فەلسەفی بۆ دانا بۆچی ئەم دو درەختە بەتەنیایی دەڕوێن.

3–سەمەندەل باڵندەیەکە لە هیندستان بەئاگر ناسوتێت: قەقنەس.

4–ئاماژەیە بەو زەمەنەی هیدجر، یاخی بو لە بون و دوا ساتی ژیانی بردە کوختێك، لە شەپۆلی شینی ئاسمانی دەڕوانی.

5–وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڤیستیڤاڵی شیعری کوردی لە بەغداد لە2009/9خوێندراوەتەوەو خەڵاتی پێنجەمی(جەواهیری) پێدراوە.

لە دیوانە شیعری (سدرەالحسین)دا بلاوبۆتەوە.

## جوانی مردنی بەهەزارەی (دە)پۆشی(...)

***

کیژێك گرتمیەو ە ناوونیشانی تۆی پرسی ؟!

گومانم ڕوخساریان شاردەوە (..)

لە هەزارەدا بۆت گەڕام تا منداڵی هەزارەمان ببیٚ

پێم بڵیٚ ئەو تاڵیشکانەی هەزارەی سێت بینی

کە من و تۆیان پێخستە ناو ئاگردانی ئەوێنەوە

بیرم دێت لەو ساتەدا سەگەلێك هاتن لە لۆکە

عەرشی شایان لە ئاهەنگی لە دایك بونەوەما گرت

قروسکەیان بانگەشەی یەکەم باوك بو

موروی ئاوداری زەمەنی ئەفسانە زەنگۆڵەیدا !!

گەردون لەرزی بەهێزی وێنەی نەبون

ئێمە لە بیٚ شوناسیدا زەلیلی ناو میحرابی نازەمەنین

**لە مەریخەوە فڕی دراینە ناو دۆزەخی یادگارییەوە**

**ئەم ساتە پێشانگای دازاینی بون بو بەمەرگ**

**لەگەڵ باڵی کۆترێکا فەزای گەردون توایەوە (....)**

***

**کفنێك ڕۆشنایی ئاسمانی فەلسەفەی گرت(...)**

**تۆ بویت حەشیشەی لە بیرچونەوەت دەکێشا ؟!**

**پەپولەیەك مەمەتی دەگوشی**

**ڕۆمانی عەشقمی لە گەردونی جوانیتا دەنوسیەوە**

**ئیفلاتون کاراکتەری دەوڵەتی جوانی بو**

**هەناسەی لەیلی لە ژەهری سوقراتدا چاپ دەکرد**

**زەمەنێك ئامازەیدا سێوێکی خستە خوار**

**نیوتنو حەوای خستە ناو جەنگی ئەستێرەوە**

**ئەنشتاین زەمەنی هەسارەی عەشقی بەبەرد پێوا**

فەیلەسوفێك لە کۆتایی ژیانەوە کفنێکی ڕاخست

ئالآی پاشایەتی سەگەلی دێرینی بەرز کردەوە(...)!!

***

پاپۆڕێکی ڕۆحی لە فەزا کەوتە خوار(...)

مردوی هەزار ساڵی ئەفسانە لەسەری ڕاکشا

سەگێکی ڕەش بەڕەگەزی مێینەوە پەڕی بو

وێنەی بوکێکی نیلی دەدایەوە

هەمو جوانی بون سڕانەوە جگە لە مەرگ

چییە وەرە با تامی مەرگێکی ئەرخەوانی بچێژین؟!

تا لە سەفەری مەرگا یەك بناسینەوە(...)

***

وەڕینێك دێت لە بۆنی مردوی هەزارەکاندا (..)

هەناسەی کافرۆشی کچەکانی لەیل دەمرێنێت

هەردوکمان بەدوای دڵدارێکەوە وێڵین

لە هیچ درەختێکەوە لە دایك نەبووە (..)

***

پاشای دایناسۆرەکان لە شمشێرەوە گوتی:

تۆ لەگەڵ باراندا هاتیت(...)

بەدرەختێکەوە وشك بویت تا بانگی فەلسەفە درا

هیرقلاتیس بەئاوی بارانو زەریای گومان شتیتی

ئای لەم زەمەنە شێتخانەی نەبون مۆری کرد !!

لە شیلاوگی سەگا شتمیەوەو تۆش لە باراناوی مردنا

بەرەو کوێ کۆچ بکەین کە گەردونمان لە بیرچونەوەیە ؟!

دو جەستەو وێنەین لە گوناهی شێتیا یەك ناگرینەوە

وێنەیەك لە گڕی حەشیشەی نەمری منی کێشاوە

لە گەروی مەستیدا بۆ سێ سەدەی تر خۆم دەشارمەوە(...)

**بانگی ڤینوسی کەوتنەخوارەوەی هەسارەم کرد**

**پەڕەسێلکەی بەفرینە قولایی گومانمی بڕی**

**لە دوا هەناسەی کچەکانی نیلدا بانگەشەم خنکا**

**شەپۆلێك لە باوە هات ڕەنگی سەگ بو**

**زریانی سەگەل "(بون نەبون)ی " بەئاوی مەرگ شت (..)**

***

**ئێستا من و سەگو ئەوانو تۆ کەرنەڤاڵێکی هەتایین**

**وەرە قازی زەمەن چاوەڕێمانە بۆ نوسینەوەی زەمەنێك**

**لە ژێر پەردەی هەنارا شاردراوەتەوە(...)**

**ئێستا گەردون پرتەقاڵێکە پڕە لە ڕۆحی نابینا**

**هێلکەوڵەی هەزارەی چوار دەخەنە خوار (..)**

**من دەبمە ڕۆحی بلوێنەها بیّ ڕەگەزو خونچە وەریو(...)**

***

لاچۆ ..تۆ لە شیری ئەژدیهای جوانی بویت

منیش مامانی لە بیرچونەوەم گومانە (..)!

مندالّی بارانێکم زەوی بەلیتە شتۆتەوە (....)

وەرە با زەمەنی ئاو.. دوجار بەفەلسەفە بتشوات

ونبە.. جاجمێك قولایی فەزای گەردونی گرتووە

پشیلەی سەرەتا بۆ مامانی نەبون دەباتەوە

ئەم وەرزە زەمەنی دوبارە بونەوەی نوح ە(..)

دوجار بەئاوی پاکژبونەوە دەشۆرێینەوە

قفڵی فەلسەفە گرێی ڕۆحی ئەوانی تر دەکاتەوە

شایی زەمەن لەسەر قاوغی هێلکە ولە تۆمار دەبێت(...)

***

سەگێك لە نەبونەوە سەربڕا جیهانی شت (..)

هەڵمی بەهەوری زمان تێکەڵ بو بەڕۆحی تواوە

**زەوی تینوی تنۆکەیەکە لەو پەڵە دڵدارییە**

**سەگەلی فەلسەفە بەڕۆحی ئەزەلەوە ڕشتیان**

***

**من لەپاشماوەی کشتوکاڵی نەمری بەجێماوم (..)**

**لە باپیرانی ئایندە زەمانی نەبون**

**ڕەوەیەك تولە سەگی زەریامان بۆ هات (..)**

**زەمەنێك شەوو ڕۆژ جیا نەدەکرانەوە لە ئاگر**

**پێخەڤ ڕۆژ ببووە ڕەنگی تاریکستانی مەرگەسات**

**کێ دەرگای بونی لەسەر نەبون کردەوە با بێت .؟..**

**نیشانەکانی ڕوژگار لە هەڵمەوە تیشك دەدات**

**با لە ڕەگەزی سەگەوە لە ئاوێنەی منداڵی بڕوانین**

**گەردون دەچێتەوە دۆخی هێلکە ولەی نەبون**

**ئاوێنەی ڕۆح تیشکی لە خەردەلدا دایەوە**

**شەهوەتی منداڵی باپیرانی دەڕژاندە خوار(...)**

***

**ژێر پیاڵەیەك ئاوی حەوام گرتەوە لە شیلاوگی قابیل ..!**

**لە پشتی فیرعەونی ئەتۆمدا نەخشەی شای شیعریدا**

**من لە تولە ڕێی دایکی سەگەلی ئەواندا بوم**

**شیری دڵۆپەی ئاوی فەلسەفەم خواردەوە**

**شیرێ پڕە لە تەڵزمی فەلسەفەی بەردە گڕ**

**ڕۆح نەمر دەکاتو جەستە دەمرێنێت**

**ئای نەبون لە چی تونێلێکدا دەکەوینە خوارەوە بۆ بون ؟**

**جەنگێك لە ئەستێرەی نەمرییەوە بانگەشەی نەبونە**

**نامەی عیشقە گەردونییەکانە بۆ من و تۆ**

**وەرە نەبون شایی نەمری زەمەن لە هەسارەی مەرگ بکەین ؟!!**

***

کوڕی هەزارەیی زەماوەندیان بەدیڵە سەگەوە کرد(...)

***

من بە(با)وە هەسارەی ڕوانینم لە عیشقدا دۆزییەوە(...)

شا ڕەگێك دەچوەوە سەر فوو کردنی ئادەم

گەڵای هەزاران باوك هەڵفڕی بەهەناسەی مەرگەوە

وێلاشی من لە هیچ دایکێکەوە دەرنەکەوت

تۆ ئەی فریشتەی خوین منی بێ دایەو ڕەگەز فۆ تۆ بکە؟

گروپێکم بۆ وێنا بکە لە سوێراوی ڕۆحت

بۆ ئەوەی لە نیشتمانی عیشقا لە دایك بم(...)!!!

***

ئەم زەریایە مەرگەساتی شتنەوەی ڕۆحە (..)

جوانی بون تیایدا بەشەهوەت شۆراوەتەوە

وێنەت بووە بەسەگ بڕوانە چەمۆڵەت برینن

وەرە بحەپێنە با گوێی گەردون کەڕ ببێت

تۆ سەگ بویت ئاوێنەی سیحر گۆڕیتی بەمرۆڤ

ئێستا دەتەوێت زەماوەندی ڕزگاری بکەیت ؟!

بڕۆ لە نیشتمانی نەبون شا ژنی سەگەل چاوەڕێتە

وەرەوە کاتێك مندالّی هەزارەی هەمە ڕەگەزتان بو

دلّۆپەیەك لە شیری ڕەگەز جوگرافیای بون دەنوسێتەوە

***

ئەستێرەیەك کەوتە خوارەوە هەزاران سەگ تەرینەوە(...)

لە کۆنگرەی رەگەزا پاشا پەنجەی تەرمی خستە خوار

گوتی : لە دوای لافاو سەگ زاوو زێیان خستەوە

بزانن ئەی نەوەی ئادەم ئێوە بونتان لە منە

من پاشای دارستانێکم نوح تیایدا مرد !!

بیرەوەری گێژەلّوکەی گومان پێچایەوە(...)

ڕۆح جوگرافیای شارێكی لە نەبون نیشتەجیٚ كرد

شارێك لە نازەمەنی بوندا سڕایەوە

بانگەشەی بون لە شادەماری سەگەوە كەوتۆتە خوار

كیٚ بانگەشە دەكات ؟!

كوا بانگەشەی مەرگ ؟!

منم یان تۆ ؟

وێنەی جەنازەیی ئەوە ؟..

یان من و تۆو ئەوانین ؟!!

بانگەشەی سەگەل ئاماژەی ئیمپریالیەتی سەگە بۆ سەگ

بە(با)و ویلاٚشی سەگەل فەزای بون قفلٚ دەبێت(...)!!

***

وشەی شیر وێنابوی گڕوگاڵ و ئەفسانەی زمان نەبو(...)

لە منی بیٚ ڕەگەزو شوناس

شێر پەنجەی تاوان هات .. ڕستەم بیر چوەوە(...)!!

زمان لە بیرکردنەوەی مەمەیا شێوازێکی وێنا نەکرد

کیٚ لە ئێوە مەمەی داوە بەمن ؟!!

منێك مەمەو شیری کۆرپەییم نەدیوە

پاشای سەگ گوتی : تۆ سەگ مرۆیت

شیری دایە گەورەمت خواردوە

کچی من نا بێتە وێنەی ئەزەلی تۆ

گوتی : ئێوە لە دوای لافاوو خوێن هاتن

ڕەگەزتان لە سەگی باوکە

ئێمە شا ڕەگی شەهوەتی بونین

گوتم : من لە نەوەی یەکەم باوکم لە فەزا وە هاتوین

بزانە بەدەفتەری پشتاو پشتا بچۆرە خوارەوە

نەوەکانی خۆت بدۆزەرەوە (..) !!

****

لەم سەدەی گومانەدا پاشا ئاهەنگی کەوتنەخوارەوەی گێڕا (..)

گوتی: شاری ڕەحمەت بۆ ڕێبەری باپیران (..)

ئێمە پاشای شەهوەتو ڕەگەزی بونین

تاجێکی لەسەر کرد یاقوتی ئاوی ڕەگەز بو

پەری" (بون نەبون) " سرودی نەمری بۆ خوێندەوە

لە خاکی گومانەوە لە وێڵاشی سەگەوە کەوتمە خوارەوە !!!

***

بەڕەبەنی سەدەی گومان گەیشتم لە فەزای ئەفسانە ...

عەتری زەمەنی لە دایك بونەوەی پەرشدەکردەوە

من و تۆ لە هێلکە وڵەی قەدەری دایناسۆرا بوین

هیچ نەبو جیامان کاتەوە لە وێڵاشی نەبون

ئێمە کەوتوینەتە ناو نازەمەنی گومانەوە (..)

***

لاپەڕەی ڕۆح هەزاران وێنەی ڕاڕفی(...)

بەگەواڵەی هەوری خوێنی زەمەن بڕان

لەسەدەی مەرگی (نەبون)ا شۆڕانەوە..

بانگەشەی (بوون) بۆ قەندیلو (تۆ)و (ئەوان) بوو:

ئێمە دارستانی کچی ئەتۆمو خەردەلین

گڕی زەڕەمان بەردایە خۆری ڕۆحمان

له ئەتۆمی (قەندیل)و (نیل)و (ئیمراڵی)ا تواینەوە

تا بگەینە دوا هەسارەو

لە مەریخو زوحەلەوە ..

هەوری تۆومان داببارێت

ژین بەکاژمان بژێتەوەو

تینوێتی گەردون بشکێنین(...)

(بون) لە (نەبون)ا داخرا..

فەرشی زەمەن بە کافرۆشیەوە وێنا کرا

بانگەشەی (بون) لە نازەمەن مێژوی نەخشاند:

ئێستا رۆح هێشوی مەرگی زەمەنێکە(...)

زەریای تۆو چەنی کچی نیلو قەندیلو هەسارەیە

مۆندیالی رۆح پزوی مێژویان کردەوە :

لەو ساتەوە گڕی مەرگ کوێری لابرد ..

ئێمە ناسنامەی مردن بوین..

نامەی (فاروق)و سروشی زەمەن کوژاونەوە ..

دایك سالاری بەزەمەنی ئەتۆم نوسرا

بەزەمەنی گەردەلولی کچ سالاری

لە شاخو زەڕەو ئەتوما تواینەوە(...)

***

پەڕەی رفيو بلوێنان وێنەی پەخش كرد(...)

(بون ) بەجەستەی بوكی خوێناوی داپۆشرا

لە كۆشكی نەبونەوە چاوشاركێی رێكەوتە مەرگ

مۆنديالی رۆح كچانی بەسيحری گڕ نوسيەوە

زەمەن هەوری ساتەوەختێكی گڕ گرتوی گرتووە..

جیَ پێی كچی سور پۆشی بەقەنديلەوە نەخشاندووە..

بۆ فۆتۆنی دوا ستونی زەمەن بڕان(...)!!

بون بەتەناڤ پروسكی(كوردستان مان يان نەمان)(...)

***

پەڕەی رفيو بەلينجايی پەڕەی فەزايان گرتەوە(...)!!

بلوێن كچی گڕاوی لە خۆرەوە تۆوچەن كران ..

لە هەسارەی مەريخەوە فاكس كرا :

خۆكوشتنمان چاوی( بون)ی لە كوێريەوە كردەوە

# فۆتۆی مەحشەر

ئەم وێنەیە فیزیای روانینی پۆشیوە(...)

بووە بە(بون)ی ئەفسانەیی (ئێوە)و(ئەوان)

چیە ئەم مەحشەرە فۆتۆییە(...)؟!!

چیای فیکر خوێناوی گەردونی هەڵگرتووە(...)!!

***

گەردەلولی روانین پەنجەرەی (بون)ی تێکشکاند(...)!!

رەنگی بیرچونەوەی یاقوتی منالْیە

زەمەنی مەرگ بو بەتۆڕی عیشقی کۆتا(...)!!

گەلاّڕێزانی تەلێکسی فەلسەفی (ئەو)ی پۆشی

ئاوێنەی ساواییم بەبیر شکاند(...)!!

گەردون بو بەپەڕەیەکی ڕەنگاڵەیی ..

هێلکەوڵەی تەونی هەزارەی هەزارە(...)!!

****

جێ پێی مەحشەر بەدڵمەوە هەڵکەنراوە(..)

تولە ڕێی (بون ) لە وێنەدا توایەوە

چی گێژاوێك بۆ مەحشەری عیشق دەچێت؟

تا ببمە دوا ڕێبواری هەسارەکان(...)؟!

***

شەهلای (بون و نەبون) شیلەی بیرچونەوەی تکاند(...)!!

چرۆی کۆرپەی مانگی دەرکرد(..)

گزنگ لە نابینایی تەقیەوە..!!!

کاتژمێری (زەمەن) بەقوڕی (حەوا) سیواخ کرا؟!!

زەمەنی مەرگ چاخی بەردی مەرگی مۆر کرد..!!

کێ لەم گەردەلولی بەردە وێنام دەکات(...)؟!!

***

بەردی ئەزەل هەزارەی (بون)ی گرێدا(...)

گەوهەری (نەبون) بەتۆوی (نائەزەل) رەنگ بو

تێزابێك نەبو رۆحم لە مەحشەرا بشوات ؟!!

بەردی ئەزەل فۆتۆی نازەمەنی کردم

بوم بەیەکەم وێنەی (بون)ی مەحشەرستان(...)

***

لە ژمارە (638)پێنجشەمە 2009/6/11 پاشکۆی ئەدەبو هونەری رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبۆتەوە.

چاو لە بەردی ئەهریمەنا دەکوژێتەوە

پزوی عیشقی زەوی پچڕا(..)!!

لە بانگەشەی پروسکی خەففەی جیهانا؟!

دڵێك لە بەرد وێنای کردوم

هەناسەم خۆڵی خوێناوی تێزابی پیرۆزەیە

چی بارانێك بێنم بۆ چاوانی (بون)؟!!

مێژوی عیشقی بەردتان بۆ بنوسێتەوە!(...)

2009/2/28 لە ژمارە(627)ی 2009/3/19 ی ئەدەب و هونەری (کوردستانی نویٚ)دا بلاٚوبۆتەوە.

**گێژەڵوکەی ڕۆح بارانی نەقشە بەردی نازەمەن هات(..)!!**

**خەپلە نوری (حەسەن بەسری)و شا(چیائی) تۆو کردەوە**

**دۆژە ئەشکی وێنە زەمەن سەرابی گۆڕی بەزەریا،**

**گەڵای سەوزی درەختە مەرگی نەقشبەندی بریسکەیدا**

**شەوەزەنگی بەلینجایی پێی مردە زیندە ڕۆشنکرد(..)!!***

***

**پەلکە زێڕینەی نەقشەبەند بە میعراجەوە تێکەڵ بو**

**شەستە زیکری (عیزەدین)و(شەمسەدین)و(مەلا جەلال)**

**گەردون چرای ئەستێرە بارانی مەرگی گڕدا (..)!!**

**بە(گەیلانی)و(کاك ئەحمەد)و خونچە شاوە خەرمانەی گرت**

**وێنە دەرون بە گەردونی هەناسە گڕ وێنا کرا**

**فەزا ڕوانینی پەپولەی خۆری کفن پۆشی هەڵگرت :**

**(چرای بلوری شوشە هەسارەی تیشکە ڕۆن زەیتون)(...)!!**

**سەرەتاو کۆتای(بون و نەبون) ی بەتیشك گرتەوە**

**نیگای گەردونی شاهانی کفن پەرتوکێکی سپی پێچراوە...**

**بەزێڕە زەریای کەفە روانینی مێشکو دڵو رۆح ..**

**وێنە شەپۆلی خستە میعراجو مێژوی( موحەمەد)**

**زەمەن روخساری کەفە رەنگاڵەی شاهانی پۆشی..**

**بەپروشەی دەرون قورئان لەگەڵا گەوهەرا چاپ بو(..)!!**

2010/12/17و 2011/1/6و لە 2011/6/3

# ئیمپریالیەتی سەگ

گومان بکە شینایی ئاسمان وێنە تۆڕی فەلسەفەیە (..) !!

تیشکی هێلکە وڵەی وشك بونی رۆحی منداڵیە

شێوەی دازاینی ئێرەی فیزیای " (بون نەبون)ە "

درەختی بیرکەرەوە گەڵای وشە گومانی هەڵوەری

چرۆی زمانی رێکەوتە مەرگی سەوز کرد!!

گێژەڵوکەی بیرچونەوە درەختی زمانی داڕنی

هێلکەی فیزیا دایناسۆری زەمەنی بەردی ترەکاند

بونەوەری لۆکە لە کشتوکاڵی بیرکردنەوە تۆوچەن کرا

ئاوێنەی منداڵی رەنگی فۆتۆنو گڕی هەڵگرت !!

***

سەیرم بکە لە ئاوێنەی تونێلی بیرکردنەوە(...)

زمانی مەلۆتکەیی رەگەزی بونم پژاوە

تیشکی ئاوێنەی تێك شکاو بونەتە خۆرێکی خەفە

گریەی قەدەر لە شەپۆلی رێکەوتە مەرگا گێژیدام

بومە یەکەم گۆڕی ئەستێرەی زەمەن بڕان ...

***

ئاوێنەی منداڵی ئێوە لینجایی دێڵێکی ترەکیوە(..)

گەردونی بونی شەقاری پەڵەی شەهوەتی مەرگ کرد

بانگەشەی سەمەندەلی رۆح تێکەڵ بەزمانی فیزیا بو

لێرە کەوتنە خوارەوە وێنەی دەباخانەی فۆتۆ رۆحە

هەسارەی مەرگ درەختی گومانی سەوز بو

فەزای بیرکردنەوە لە گەردونی وێنە ون بو

لە ئۆقیانوسی فەلسەفە وێنە لە مەرگەساتا توایەوە

پێستە سەگێك نەخشەی ئێوەو ئەوانی دواتری هەڵگرت (..)

***

ئەستێرەی گومانی گەردون گۆڕە شاری وێنەی کردو

درەختی بیرکردنەوەی زەوی بیرچونەوەی شین بو(..)

گەڵای زمان کەتیرەی گڕوگاڵی کۆتای گرتو

کۆلارەی کەوتنە خوارەوە ئێوەی بیرکەرەوەی هەڵدا

وێنەی تۆیە تاریکخانەی بە حەپەی سەگ قفڵداوە

بەردی کۆرپەی نازەمەنی بەشیلاوگی سەگەل رەنگ کرد

سەگێك لە کۆتایی بەردین بە بونی ئێوەوە پەڕی

مێژو لەخومخانەی قژە سەرا تێکەڵی وێنەی بەردین بو(..)

***

چیە ئەم شارستانی بانگەشەیە مۆڵی ئامازەی سەگەلە ؟!!

وێنە لە تاریکخانەی نەبونا کەوتنەخوارەوەی بون دەکات

زەوی بەپێستەی بۆگەناو فەرش رێژ بو

پەنجەرەی لەبیرچونەوە کرانەوە (..)

لێرە فەزایەکی بەردین بانگەشەی رۆحی ئەوانە

دەنگێك داڕنی دارستانی بون دەکات

فۆتۆنی بون وێنەی فیزیای تۆو چەن دەگرێت

رەنگی ئیمپریالیەتی سەگەلێکە لەوان

تەلەسکۆبی جاڵجاڵۆکە تونێلی شاراوەی بایە(..)

***

ئای لەم پیتە کوژاوانەی لە ئاوی ژیان نوسراوە(...)

رستەی گریانی بەردینەو ئێرەیمانی نەخشاندوە !!

پلەی زەمەن من و تۆی کردە تۆوی بون (..)

دڵۆپەی ئاوی شیلاوگی زەمەن بڕان ...

هەورێکی عیشقە شێت بو بەبارانی قەدەر رژا !!

پەرتوکی گریەی گەردەلولی نوسیەوە (..) !!

***

چییە ئەم رژانی زایەڵەی درەختی رۆح داڕمانە (..) ؟!

بانگەشەی سەگەلی گومان مێژوی پڕکرد

ئێوەو ئێمە چوینە هێڵی رۆح دابڕان

جەستە لە پلەی نازەمەندا سڕایەوە

سیناریۆی بیرچونەوە فەزای (بون نەبون)ی پۆشی

بەپیتی یاقوتو وشەی گەوهەری رستە گومان

عەرشی ئەڤینی گەردونی لە بانگەشەی سەگا نەخشاند (..)

***

تاریکخانەی زەمەن وێنەی بە تۆوی سەگ ئاوێتە کرد(...)

حەشارگەی گومان لە ئێمە شاراوەیە بەدەر لە تۆ

رێکەوتە مەرگ بلوێنان وێنەی شۆریەوە

من لەچاوی سەگێکەوە وێنەم چووە یەکەم رەگەز

رۆمانی مەرگە عیشقم بەرستەی چاوی چاپ بوایە

ئازیز تۆ بۆ نابیتە مەرگ هەتا خۆشەویستی بکەین ؟!!

لە گەردونە مەرگی ئێستا شوڕشی مردوی بون بکەین(...)!!

***

من بۆ بمرم کە گۆڕ دڵداری نەزانیٚ(...)؟!

چۆن فلیمی عیشقی گەردون لە ناویدا تۆمار بکەم ؟

مەرگە عیشقی من دەریا لوشی زەمەنی شتنەوەیە

دەبێت ئەستێرەی عیشق و گێڕانەوە بدۆزمەوە

هەتا گەردونی ئەم عیشقە نیشتەجیٚ کەم (..)

***

عیشقی زەمەن بۆ رۆحێك بریسکەی دەدا (..)

لە تونێلی چەرخی سپی خەفە ببو

کۆڵانی عیشقی سەگێکم لە فەزای بیرچونەوە بڕی

**لە رەنگاڵەی هەزار شەوە شێوەی رەگەزی بونی گرت**

**گەردەلولی بیرچونەوەو درەختی بیر پێچامیەوە**

**تۆ بەشێوەی کام بونەوەر دەبیتە رەگەزی مەرگم ؟!**

***

**لێرە لەم زەمەنی ئاوە بارانێك نەهات بۆ عیشق؟!..**

**نامەی خاچی هەزار شەوە تۆمار بکات !!**

**لەم گێژەنگی گریانە هەتاوێك لە نەبون هەڵهات**

**لینجایی رۆحی پەپولەی رژاندە خوار !!**

**ئاوێنەی مەرگ دایەلۆژی رۆمانی عاشقی نوسی**

**سێبەری بیرچونەوە بە تاڵیشکی قەدەر گیرا (..) !!**

***

**رۆحێك لە خۆرئاوا کفنی بانگەشەی دادڕی(...) !!**

**فرمێسکی مۆمیای زەمەنی بەردی بۆ ئێستا خوێندەوە :**

**ئاینی پەپولە کشتوکاڵی گڕوگاڵی سەرەتای کرد**

**تۆوچەنی رۆح بەشتنەوی جەستە زەوی شۆری** (..) !!

***

**پاشای جاڵجاڵۆکە نوێژی مردوی گەردونی کرد** ...!!

**جیهان بە بەستەلەکی رۆح تەنرا**

**فەیلەسوڤ سەگ لە گومانی بەردینەوە وتاریدا :**

**ئەم نەوەیەم لە بەفری گریەوە رسکا**

**ئێوەش لە بارانی رەشە گۆشتا ترەکیون**

**باپیرە گەورەتان بەر لە کۆچی دارستانی گومان**

**هێشوی رۆحی پریاسکەی نازەمەنی نوسیەوە.**

**شارێك بە لینجایی گومانی جاڵجاڵۆکە دروست کراو**

**بە گریەی پرتەقاڵی زەمەنی مۆڵ خامۆشی گرت**(...)

***

گێژاوێك شارى خستە بانگەشەى مەرگ(...)!!

پزوى جوگرافياى گومانى لێرە بونى سڕييەوە

تارماييەك چەرچەڤ بيرچونەوەى لێرە هەڵدا ؟!

فەزا بۆنى كەلاكى زەمەنى ناديارى پەخش كردو

شيشەى گومان گۆڕە شارى رۆحى پەپولەى ساتێك بو

بريسكەى شمشێرى لێرە بونى من بو بۆ تۆ(...)

***

گومان بكە لە شارى ئاوا بونى وێنەى ناو با(...) !!

گريانێك بريسكەيدا هيچ مێژويەك نەينوسى بو

بە خاچ نوسراو فوى ئەزەلى لە فۆتۆندا نەخشاندەوە

گەردون بە بانگەشەى پيتى عيبرى ئێستا لەرزى

زمانێك لە ئاينى جاڵجاڵۆكەى بەردين نوسرا:

دڵۆپ دڵۆپ هاتە خوارو مانگى ئاودا

**تونێلی فەلسەفەی مەرگی تێکەڵ ڕەگەزی کردەوە (..) !**

*******

**ئێرە شاری حەشیشەی لەبیرچونەوەی گومانە (..) !!**

**ئێوەو ئەوان دەخاتە تۆڕی ئێرەیی**

**بانگەشەی موروی ئاوداری زەمەنی بێ شوناسی مەرگ**

**هێلکەوڵەی ساتەوەختی ئێرەی ئێمە تێکدەشکێنێت**

**کوا کفنی نەمری ڕۆح چوی گومان ؟!!**

**هێشوی گەردون درەختی بیرچونەوەی سەوز بووە**

**گێژەڵوکەی ڕۆح ترەکێن جەستەی گڕدا**

**وێنەی شارێکی گومانی هێلکەیی مەرگی خستەوە(...)**

*******

**تۆ لەچی هێلکەیەك کەوتویتەوە(...)؟!**

**ژمارەی فیلمی ڕۆح چونت لە گوماندا تۆمار بکە**

**سوپای هەسارەی بیرچونەوە هاتنە خوار**

**ئیمپریالیەتی سەگەلیان بۆ گومانی بون پێکهێنا**(...) !!

***

**گریانێك لەبەردی فیرعەونی ئەزەل نوسرا بو** ...

**عیبری ئێستای چاخی بیرچونەوەی وشە**

**زەریاو زەوی و ئاسمان بریسکەی ئاگریان بۆدا**

**هیچ فەیلەسوفێکی قەدەر نەیخوێندەوە**

**ئەنشتاینی عیشق لە هەڵما تێکەڵ فیزیای کرد**

**ئیفلاتون کۆماری بیرچونەوەی رێکەوتە مەرگی نوسیەوە**

**شاری کەوتنە خوارەوە لە منی بیرکەرەوە پێکهات**

**مارکس خستمیە ناو زەریای گومانێکی هێلکە گەردون**

**کۆلارەی روانینی درەختی بیرکردنەوەی مەرگی شین بو**

**ئاسمان رستەی چاوانی شەپۆلی شینی هایدجەر بو**

لە وێنەی عیبری دوا کاژێرا بۆ وێنەی خوا پەخش دەبون

لێرە دارستانی گومانو بیرچونەوەو رێکەوتە مەرگم پێکهێنا

کفنی فەلسەفەی مەرگی بون شەپۆلی شینی ئاسمان بو

بە ئاگروسێووئاوو فۆتۆنی فەلسەفە تێکەڵ بو

هەوری چاوم تێکەڵ بەرستەی مەرگی کرد!!

***

کێ ساتێك گریاوە بۆ با؟!!

هەتا ناوی لە بەردی زەمەن تۆمار بوبێت

کێ کڵاوە بەڕوی شای مێرولەی کردۆتە سەر ؟!!

بەرگی داڕمانی عیشقی گریە ئاڵای شیعرەو

دو ئەستێرەی رۆحی ئێرەی کردە بۆسۆ

ئاسمانی زۆر فەزای فۆتۆنی عیشکێکیان پڕکردەوە

جەنگی ئەستێرەی ناوەختە عیشق کۆتایی هات (..)

***

خانمی سور پۆش کاتی گریەی لیَ گۆڕاوە (..)

فیزیای ئێرەیی بە کاتی جاڵجاڵۆکە نەخشاندوە

کیَ دەبێتە هۆمیرۆسی بارانە عیشق؟

هەتاو لە چاوا بچێنێت

مۆمی یەکەم عاشقی ئەستێرە لەناو هەورا داگیرسێنیًت ؟!!

لوتکەی هیمالایا رەنگی پێستێکی داماڵراوی سەرەتای گرت

سەگێك ئالاَی ئیمپریالی هاوڕەگەزی لەسەر هەڵکرد

زەریای رۆحی توانەوە زەوی پۆشی

پێستە سەگێك فڕی ناوو رەنگو شێوەی منی تیا بو

دەبمە فۆتۆی پێشانگای بونەوەری بون و نەبون

کۆماری عیشقە شێتی لە ئاوی نەمری دەنوسم

دەبمە مرۆی مەملەکەتی کەوتنە خوارەوەو رۆح دابڕان (..)

***

ئێستاجوگرافیا گۆڕاوە بەشۆرینەوەی شوێنەوار(...) !!

ئێمەو ئەوان بوینەتە سەگەلی زەمەن

وێنەی شاری گومان رەنگی بونی ئێوەو ئەوانی دایەوە

فەزا لینجایی رۆح چونی مەملەکەتی جوانی هەڵگرت

شارێك نەبو جاڵجاڵۆکەی رۆحی ئەوانی ئەو نەبێت

چیە ئەم بارانە لینجە رەنگی شارێکە لە گومان

سەدان کۆلارەی بیرکەرەوە فیزیای نویان نوسیەوە

فەزا رەنگی ئێوەو ئەوانو شارێکی خامۆشی فەلسەفەیە

چرای تاریکی درەختی گریانی زەمەنی بێ زمانی نوسیەوە

شارێك دەرگاو فەزای بە حەپەی سەگەل چنرا بو(...)!

***

دو سەگی عیبری پەڕی بون رۆژئاوای بونیان گرتبو ...

درەختی نازەمەن گەڵای شیلاوگی کەوتە خوار (..)

بون لە وێنەی سەگێکی ئاوی هەڵکێشرا(...)!

فەزا لە تۆڕی جاڵجاڵوکەی ڕێکەوتە مەرگا مۆمیا بو(..)

***

تاریکخانەی بیرکردنەوە وێنەی بونی شۆریەوە (..)

ڕۆح و ڕەگەز لە شەرابی سەمەندەلی نەبون ترشان

فەیلەسوفی سەگ پیاڵە شەهوەتی نیاندەرتاڵی خواردەوە

ئاوی بونەوەری نێری لە گۆزەی زەمەن تێکەڵ کرد

کۆلارەی بیرکردنەوە منی بیرکەرەوەیان هەڵدا

لە زوحەلدا ئێوەم لە پێستە سەگێکا بینیەوە

هەسارەکان بە بانگەشەی نەبینەوە لەرزینەوە

تاریکخانەی زەمەن بونەوەری لە دۆشاوە ئاوا شۆریەوە

هەمویان کراسی سپی بوکی نازەمەنیان پۆشی

گەڵای شوکران گۆپکە سەمەندەلی چرۆ دەرکرد

پشیلەیەك لە دوا هێڵی ئەستێرەوە زەوی کێڵا

گیای نەمری و شوکران و گومانو نەبون موتوربە بون(...)

***

لەم زەویە شایەك تەختی گوڵی گومانی ئێرەیی دانا(...)

شایی بۆ بوکی گەردونی زمانی ئەستێرەی عیشق کرد

گوتی: من پاشماوەی باپیرە گەورەی سەگەلمو

درەختی هەسارەی بیرکردنەوەی ڕێکەوتە مەرگ دەنێژم

زمانی گریەی بیرچونەوە درەختی بونەوەر سەوز دەکات

بای گومانی بیرچونەوە وێنەی شایەکی نیشاندا

لە زمانی ژمێریاری و بازرگانی و مەرگ و زانست

بون وشەی لۆگوسی گرت و زمانی دازاینی سڕیەوە

چاو لە روناکی تەرە بو تیشك لە باڵای پەپولە

# فەلسەفەی مەرگی سەلاح جەلال

پزوی ئەستێرە گومانی کەوتنەخوارەوەی شارای رۆحە(...)

هێشوی مەرگ تەونی هەسارەیان پێچا!!

گومان بکە ئێستا زەمەن ناو نیشانی منالْی شێتی گرتووە!?

کۆلارەی مەرگ لە بیرکردنەوەی رۆح هەڵدێت ***

ئاوێنەی زەمەن تاریکخانەی منالْیمە(...) !!

زانکۆی شێتی و نوسینەوەی زمانی مەرگ

بلوێن ئاوێنەی شکاوی مەلۆتکەی بیرکەرەوەی هێنا...

لە گەردونی جالْجالْۆکەی فەلسەفەیا تیشکیان دەرخست(...)

***

**چی نوسینێك هەیە مەرگ لە روانینا وێنا بکات ؟!!!**

**زمانی رۆحچون لە چاپخانەی مەرگی بونا لە چاپ بدات ؟!!**

**کیێ ساتێك مەرگی لە پەرتوکی (با) یا دیوە ؟!!**

**گێژەڵوکەی وشە مەرگی میتا مەرگی خوێندۆتەوە !**

**کلاّفەی بون بەبێ زانکۆی مەرگ پچڕا !!**

**فەزا پۆپەشمینی زمانی ئێوەی لە پێستەیەکا وەرگێڕا**

**مێژوی گەردون لە بیێ زمانی (بون و نەبون ) سڕایەوە(...)**

***

**ئای لە نوسراوی گڕوگاڵی کوژانەوەی زمانی بون ؟!!**

**هەمو حەرفێك بەسەر وشەو رستەی خۆیا توایەوە**

**ئێوە بەچی ئاماژەیەك جوگرافیای جەستە دەنەخشێنن ؟**

**چۆن گۆی زەوی بۆ هەسارەی بەرد دەگوێزنەوە ؟!**

**زمان لە ناو(با) یا شێوەو ئاماژەو روخساری سڕایەوە**

**بون لە گێژەنگی بیّ زمانی وشەی مەرگی بیرچوەوە(...)**

***

**من مەلۆتکەی چاخی بیرکردنەوەی زمانی مەرگی عالەمم(...)**

**حەزم لە شیری نەمری گلگامشی مەرگی فەلسەفەی جیهانە**

**لە زانکۆی مەرگ و شێتی شارێکی سڕاوە دەرچووم**

**ژەهرە مەرگی مێژوم لە کوپەی شای سەگ خواردەوە**

**بوم بەرەمزی بیّ زمانی مەرگی نەمری فەلسەفە**

**کۆلارەی وێنەو روانینو بیرو ناسنامەم پچڕاوە**

**کیّ دەتوانێت تەنیا حەرفێکم پیّ بڵیّ لە مەرگی خۆم ؟!!**

**هەتا فێری زمانی زانستی میتا مەرگی میتا زەمەن ببم ؟!!**

***

**تەنافە شەیتانەی مەرگ بەبونەوە رایەڵ بووە ..**

هێلکەی نەبون گەڵای درەختی مەرگی گرت

تۆفانی مەرگی زانستی شاری رۆح چونی ئاوا کرد

جوگرافیای بون بە چوار رەنگە فۆتۆنی فیزیا سیواخ بو

بروسکەی رۆحی عالەم وێنەی گەردەلولی هەڵگرت

گەڵای مەرگی بونەوەران لە فۆتۆنا چرۆی دەرکرد ..!!

***

درەختی ئەفسانە کۆرپە بە قالۆنچە وێنای کردم(...)

پزوی هەوا لە فەزای مەرگما کرایەوە

گەردون بو بە هێشوی زمان

کۆلارەی بیر کەرەوەم لە دەست بەر بو

چۆن ئاوی مەرگێکی هەزار سەدە بخۆمەوە؟!!

چۆن ببمەوە بە رۆحی یەکەم مردو ؟!!

لەم تاریکخانەیە دەبمەوە بە رەگەزێك وێنای نەبێت

دەچمە نیشتمان و زمانی مەرگە زانستی

دەبمە درەختی بیرچونەوەو گەواڵە مەرگ(...)

***

کشتوکاڵی زمانی مەرگ فەزای گەردونی سەوز کرد

زەمەن بە ساتی بێ زمانی قفلڵ درا

رستەی زمان نێرە موکێکی ناو نابو

مێژوی زەمەنی بەردینی دەخوێندەوە

کۆلارەی زمانم فڕی .. هەسارەی بۆشایی پچڕا(...)

***

ئێستا حەزم لە زەریای ئەڤێنی مەرگە...

عاشقێك لە هێشوی مەرگ دەپێچمەوە

دەچمە سەر خەوی مەرگەوە هەتا خۆشەویستێك دەگرم

لەدوای مەرگی ئەزەل بۆ سەدەیەك وچانی خامۆشی دەدەم

زەمەن دۆشاوی ژەهری مەرگی بونی پێ بەخشیوم

پیاڵەی زێری فیرعەونی چاخی بیرچونەوە

شەلالی مەرگێکی کردم هەزار هەزارەی گرتەوە

میاوەی پشیلەی زانستی زمانی بونی داپۆشی

جاڵجاڵۆکەی فیزیا تەناڤ فەلسەفەی چنی

بای ئەزەلی دوا حەرفە مەرگ بۆ سەرەتا هێنامیەوە(...)

***

کۆلارەی بون بە گێژەنگی باوە زەمەنی ئاڵتونیان نوسی

دەچمەوە بۆ مەلۆتکەیی کاتی لۆگۆس

زمانی کۆرپە لە گەلای مەرگەوە دەگرم

خومخانە مەرگ بە تۆوی هەزار رەگەز رەنگی کردم

هەوری ئەزەل بە( با) ی فیکر لە بێ زمانی گێژیدام

بە پلەی مەرگا دەچمەوە بۆ هەزارەی سێ

بە زمانی سەرەتاو مەرگ و لۆگۆس رستە دەگرم

ئەوسا تۆو مەرگ و داڵی زەمەن دەخوێنمەوە(...)

***

ئەم نیشتمانە تۆوی تلیاکی دۆژە مەرگی زەمەنیە(...)

ئاوی مەرگ وێنەی نەمری دەشواتەوە

وەرە ئازیزە مەرگ با لە تۆفانێکا بمرین

گۆپکەی مەرگی خۆشەویستی لە میتا مەرگا هەڵگرین(...)

***

من چۆن فیری زمانی مەرگی عالەم دەبم(...)؟

تەمەنی مەرگم تەنیا هەزار ساڵی مۆمە

زانکۆی مەرگە شێتی زەمەن داخراوەو

جگە لەمەرگ زمانێکی تر نازانم

نامەی مێژوم بە رێنوسی مردن نوسرا

زمانی هەوری بیرکەرەوەی چاپە مەرگ

لە چاپخانەی بون چاپ نەکرا

پەرتوکێکە ناسنامەو وێنەی بونی هەموتانی تیایە

جێ چەمۆڵەی پشیلە مەرگی زانستی بە لینجایی جاڵجاڵۆکە

زانکۆی زمانی مێرولە دەنەخشێنێت

وەرن ببنە قۆزاخەی مەرگە لۆکەیی

ئەگەر بمرم ناوو شوێنەوارتان دەسڕێتەوە

هێلکەی گەردون دەفلیقێت و ناسنامەی بونتان هەڵدەگرێت(...)

***

سەرابی وێنەی مناڵی نوقمی خەوی فەلسەفیە(...)

زمانی تێکەل بە نیشانەوگڕوگاڵی کۆرپەو مەرگە

بۆ هیچ زمانێك وەرناگێردرێت (..)

وەرن لە هەوری ئەفسانە مەرگەوە زمان بگرن

حەزم لە دۆشاوی هەزارە ژەهری مێژوە(...)

تا تینوێتی مەرگە گومانم دەشکێنم

خۆزگە گەردون ببوایە بە پیاڵەی مەرگ

هەتا رەنگی دڵداریم تیا بکێشایە

حەزم دەکرد فەزا لە عیشقێکا بتوایەوە

هەتا ببوایە بە گوڕێك لە مەرگا عیشقم کردایە

هەوری ژەهراو بۆ نابارێت هەتا لە تۆفانی مەرگا نوقمم بکات ؟!!

من میوانی مەرگی شاری بیرچونەوەی رێکەوتە مەرگی کۆتاییم

هیمالایەم بە بروسکەی شێتی گۆڕی

بە ئەکادیمای مەرگەساتی هەزارەی دو(...)

***

ئەگەر مردم جوگرافیای شار هەڵدەکەنرێت ...

کۆلارەی روانینی مەرگم هیمالایە دێنێتە جێی

هەورێك لە دوامەوە کەشە دەکات مەرگەساتە

رەمزی کشتوکاڵی ئێوە لە تۆوی سەگ بێ بەر دەکات

من بەزمانی مەرگ دەدوێم

ئێوەش نازانن کۆلارەی روانین رەنگی چۆنە ؟

لە زەمەنی کشتوکاڵی فەلسەفەیا وشەکانم وەردەگێڕێت

ئەوسا زمانی مەرگە بونی ئەزەل دەگرین(...)

***

من مەرگێکم روپۆی جیهانی بونم بە وێنە مەرگ لێگیراوە(...)

دەبێت مەرگ هێمای لە من هەڵگرتبێت(...)؟

تەنیا شێوەم رەمزی خۆشەویستی تیایە

زمانم لە ئاماژەو هێماو وشە وێنا ناکرێت

رستەی شێتی مەرگە کەڕو لاڵی ( بون نەبون) ە

حەرفی واتای شمشێرێکە بە زمان ئاودرابووە

دارستانی نەبون ئێزگەی عاشقانی بێ زمانی پەخش دەکات

رۆمانی نێرەموکی دایەو بابەی تیا نوسراوە

ئەم رستەیە بانگەشەی پشیلەی بیرکەرەوەی نازەمەنە

پزوی گەردون وشەی مەرگی کرایەوە

چاپخانەی نەبون زمانی لە بێزمانی بونەوەر نوسی

تەنیا پەڕەی سپی رەمزی جوت بونی ئەوان بو

فەزای خستە تاریکخانەی کەوتنەخوارەوەی وێنەی بون(...)

***

چیە تاریکخانەی شەوارە وێنەی ئێوەو ئەوان(..) ؟!

ئەکادیمیای شێتی زمانی مەرگی کردەوە

کاتێك تۆم دی جەنگی جیهانی کۆتا بو

گەڕامەوە بۆ کشتوکاڵی فەلسەفە

زمانی سەرەتاو هەزار سەدە مەرگم گرتو

**لە جەستەی سەگی خۆرافەدا یەکمان ناسی**

**بوین بەدازاینی زمانی سەدەی جوانی گەردون**(...)

***

**گۆڕی گەردون من و زمان و بیرکردنەوەی پێکهێناوە**(...)

**گێژەنگێکە زەمەنی کۆلارەی عیشقی ئەوە**

**گۆڕێك لە گەردونی نەبون لە مەرگا جەستەم دەفڕێنێت**

**زمانی نەبونی ئەوانی تۆوی مەرگی هەڵگرتووە**

**تاریکخانەی روح جەستەی بیٚ زمانی نوسی**

**من مەرگێکم هەزار جارە کێلی مردنم ڕوخاوە**

**دەبێت لە چاوانتا بمرم فێری زمانی مەرگ ببم**(...)!!

***

**تابوتێك خۆرئاوای عیشقی زەمەنی گرت بونی وەستاند**(...)

**دەسرازەی بون گرێی بۆ شاخی رۆح کردەوە** ....

**گێژەلوکەی مەرگ فڕێیدامە هەسارەی مەرگ**

**ئێستا شیرە خۆرەی مردنم بەبێ دایە**

**کێ دەبێتە دایەو خۆشەویستی مەرگم؟**

**هەتا هەوری گومانە مەرگ دابارێنین(...)**

***

**من بەزمانی پیشەسازی لۆگۆس هەوری بیرم باراندوە(...)**

**بۆ نابیتە سوقرات ژەهری وەرگێڕانم بەیتێ ؟**

**بەزمانی هیمالایای بیرکەرەوە هەوری مەرگ دەخۆمەوە**

**ئەسکەندەرێك نەهات لە خوێنی ئاوا نوقمم کات ؟!!**

**هیمالایای بیرچونەوەی مەرگی ئێوەم**

**بۆ دارستانی سدرە سەوز نابێت ؟!!**

**گەڵایەکی سەوزە هەور ڕەمزی ئێرە بونی منی تیا بو**

**تەونی مێژوی لە جوگرافیایا هەڵوەشاند**

گەردون رەنگی بە شیلاوگی مریەمەوە گۆڕا

سندوقێك بیٚ موسا خرایەوە نیلی سەدە

خوێنی حسەین بۆ (ئاسیاو حەنا) دەباتەوە

سروشت وەکو کۆتاییو سەرەتا سپی سپی(...)

***

لەم عەدەمی زمانی سەدە سپیە(...)

بە بانگەشە تونێلی بونی خرۆشاند!!

هەوێنی مەرگەساتی نەبون بەسەر بونا لە دایك بو

گەلاّی سدرە شمشێرو رۆحێکی موتوربە کرد(...)

لە گردە بایەکی ئایەت

گۆڕا بە درەختی سەوزی یەقین

بلوێنەها ساوای خستە سەر ئاو..

زەوی بە شمشێر چێنرایەوە(...)

***

ڕۆحی دارستانی زەمەن بەردە ئەستێی دێجورە(...)

سیزیفی فیزیای ئەتۆمی نەبون دادەگیرسێنێت

لێرە پرتەقاڵێك خۆرێكی ناكاتەیە

به گێژاوی فەرشە زەریای موساوە هات

عەرشی بەلقیس لە بەیتولموقەدەسا سور بو

جەعفەری ئەبی تالیب و لوقمانی سەرخەس باڵیان گرتەوە

دەریاو ئاویان بە خویناوی حسەین نوسی

جوبرائیل زەوی سەفای بە عەسا كێلایەوە

گەردەلولێك زەوی كرد بە گردەبا

ئیزرائیل شوشە زێڕی ڕۆحی ڕاگرتووە

به هەڵمی خوێنی درەختی پیرۆزەی بونەوە(...)

ڕژایە سەر خوێنی جەواهێری حسەین

درەختی زمان لە نوسینەوەیا وشك

شمشێری بون لە بینینی توانەوە

هەڕەمەکان بە بای نیلەوە دەلەرزین

بە سنوقی شیری مۆمیایی داپۆشرا

خۆر لە تیشکیا تەم گرتی

ئەستیرەی بون بە خوێنەوە پریشکیاندا

موروی ئاوداری بون زەنگۆڵەیدا بە کۆتایی:

فۆتۆنی موغناتیسی سەری حسەینی کێش دەکرد

بە جەستەیەوە مێژو دوبارە بووەوە

***

دەشتاییەك بەردی سیزیفی زمانە

لە لۆگۆسی ئاڤێستای نەبوندا نوسراوە

ئیبراهیم رۆحی چوار باڵندەی هێناپەوە

بووە حەرف و رەوانبێژی ئاوی حەیات

رۆمانی فەلسەڤ ئەستێرەی نەمری چنی

نیلی کردە سێ بەشەوە

کەشتیەکی هێنایەوە بە ئەسکەندەرەوە جوت بون

تاقی ئەسیناو توێکڵی نوسین و

گەڵا سدرەی نازەمەن تێکەڵ بون

کەربەلابەکیان لە ناکەربەلا پێکهێنا(...)

***

ئێستا کەربەلایەك شارێکی خاچکراوە(...)

چی ئەستێرەیەکی نادیارە؟

هەمو ساتێك پرسیار دەکات

بە بانگەشەی نەفخێکەوە

ملی دەکاتەوە بە پرد

بۆ موساکانی ناو سنوق(...)

***

شمشێرێك لەم زەویە هەڵچەقیوە(...)

شارە مێروی بونی پیا لچکاوە

خوا مێرویەکی دواندەوە :

مێروی بون دەوڵەتی ئەتۆمیان پێکهێنا

زولقەرنەین لە منارەی پێچاوپێچی سامەرایا

تونیلی رۆحی کردەوە

سولەیمان لە خوێن مۆمێکی داگیرساند

کە موحەمەد کەربەلای بەسدرە سڕی

دار زەیتونێك لە خوێن ژیایەوە(...)

کەربەلای سیزیفی لە میتا زەمەنا گرتووە

فۆتۆی مرۆڤی وەریوی دەم بایە

دەچنەوە بە شیرو خاچی هومیرۆسی

دارستانێك رۆح بەردە سوی ئاگرێك دەكەنەوە

بەردە تارات بونە دایەلۆژی گێژەڵوكە

چی دیزانێك لەو دیو بونەوە سەوزایی دەخوێنێتەوە ؟

گەردون بە فویەكەوە سپی بووە

بلوێنان مریەمی تیایە

نیل بە شەپۆلی سنوقەوە وشك بووە

موساكان لەگەڵای درەختەوە چرۆ دەكەن

ئەم كەربەلایە لە ڕەوانبێژی شیرەخۆرە دروست بووە

تا چرۆ موساكان گڕوگاڵ دەكەنەوە

لێرە كەللە سەرێك زەوی سەوز كرد

خۆڵ بووە ئەفسانەیەكی سێزیفی

بلیۆنان مریەم چاوەڕێی نەفخێك بون

عیساكان وشك ببون

تورەكان نیگای خواوەندیان دەویستەوە

ڕۆحەكان بۆ نەفخی دووەم بانگەشەیان دەكرد

نە نەفخێك هەبو بۆ ڕۆح و

قابیل هابیل ناكوژێتەوە

مەسیح لە خاچ نادرێتەوە

كەشتی نوح بە چیرۆكی حسینەوە گێژەنگیدا

بانگەشەیەك لەخۆرئاوای خۆرهەڵاتەوە

خۆرهەڵاتو خۆرئاواكان دەرگاكانیان داخستووە

ئێمەی مۆمیا بەڕۆحێكی بێجەستەوە

تێكەڵاوی شیلاوگی مریەمەكان دەبینەوە(...)

***

سنوقی موسا هاتەوە خوێنی حسەینی تێدایە(...)

ئیسرافیل فوی بە کەربەلایا کردەوە

عیسای خوێن لەدایك دەبێتەوە

گلگامش گیای نەمری دۆزیەوە

لە گردەبای کەربەلادا

خوێنو شیری بە ئایەت ئاودراوی حسەین

بون بەریشاڵی گیای نەمری(...)

ماسی یونس گەرداوەی خوێنێکی رژاند

کەربەلای کردەوە بە ئاو

خوانی مەسیح لەم روبارە کفناویە

نەهەنگی خانەی یونس بو

لەم کفنە گەردونیە زەمەن قفڵدرا

تائیسرافیل دەرگا بە فو بکاتەوە

کێ لەم عەدەمە بانگەشەیەك دەکات؟

**قولەی زەرادەشتێك بە ئاگری ئاو**

**سێوی حەوایەك بی شەیتان و ئادەم**

**جیهان لە نەفخێکدا سفر بو**

**رۆژهەڵاتی خۆرهەڵات بو بە خۆرهەڵاتی خۆرئاوا**

**کەربەلای سێزیفی کوژاوەکانی نوسیەوە**

**گردەبای پیرۆزەییان پێکهێنا**

**کولەی ئاڵتونی شاخی مەهدیان خولْقاندەوە**

**نەبون بە بونەوە جوت بو**

**لەجزداشەکەی دانیالاّ بە یەکەوە نوسانەوە**

**ماسی هاتەوە سەر زەوی**

**پوش بە ئاگر ساردبووەوە**

**فۆتۆنی نازەمەن لەزەمەنا تیشکی هەڵگرت**

**گەردوون وەك سەرەتا دەفتەرێکی پێچراوەیە(...)**

بەسەر شەوی پێستە قژا ئێشكی گێڕا!

***

ئەمشەو خۆر تابلۆی گۆریكە!

لەسەر نەخشەی بونا ون بو

سەرینی یاد پەڕی بایەقوشی شەوە!

لەكەللەیەك هەڵچەقیوە

لەگەڵ گەردەلولا ناسنامەی خۆی لێكەوتووە

دڵ سیغاری توتن كێشی دەشتاییە

رۆح هەناسەی پێكی ئەفسانەی مەلێكە

لەو دیو هێڵی كۆتاییا هەڵفڕیوە!

مێشك بزماری ناڵی ئەسپێكی سەر كەشە سمكۆڵ دەكا

ئەم جیهانە بێ دیوارو بێ پەردەیە

پەڕۆی بوكێنی لەبەردەم سواڵكەرا ڕاخراوە!!

ئازیزەکەم(...)ئەمشەو جەژنی ڕزگاریە

جەستە لەبەندیخانەی پێستا ئازاد بووە

خوێن سپییە!

ئێسک سورە!

سروشت تەرمی دو تابوتی سەرو بنە

نەشتەرەکەت بخەرە ناو کێلانی دڵ

نەبا بمرم(...)

***

ئازیزەکەم(...)ئەمشەو تیشک لەناو تونا خامۆش بووە(...)

گڕێك نییە چرای دڵ دابگیرسێنیت!

مانگ بووەتە تۆپێکی یاری

جەستە لەکێڵگەی خنکانا شەتڵ بووە

نەشتەرەکەت بخەرە ناو تابوتی چاو

وێنەی پەپولەی بەرچرا دەبێتە بۆسۆو قەرەبروت.

ئای خوایە گیان..ئای..ئای!!

جیهان وێنەی نەفخی سورو سەرەتای مێژو دەداتەوە

بۆتە ریخۆڵەی سکی گورگێکی بەبەرد هەڵدراو

رەنگی دو ساوای لێك هەڵپڕژاوی کۆن دەداتەوە..

لەناو سکێکی ژەمبوردەی شەق بو،

بومەتە سەر قافڵەی گریەی کۆن و نویێ!

هاکا بەخۆم و نەخشەی جوگرافیای سەر زەمینەوە

گەیشتمە بەردەم قاپی کۆشکەکەت!

فۆتۆی شیلاوگی جیهانی مەرگت دەخەمە بەردەم

مووەکانی لەشم دەبنە دەمی تیغێکی ئاودار

وێنەی جیهانێك بۆتە دارێکی لەڕەگ هەڵکەندراو!

ئای خوایەگیان. ئای..ئای!!

مەل و دڵدار بەشەپۆلی گەردەلولەوە کەوتنە سەر کۆج
خۆڵ و جەستە بون بەکافرۆشی گەردون
فەزا بە ئەتۆمی هەناسەوە تابلۆی مردنی دەکێشا

****

هاتین لەسەفەرێك ئەفسانەی بونمان شتەوە

سروشت بەتەناف تەرمی باوە ئاواڵە بوو

دەسرازەو گەلای مەرگ نیشانە بون
ئاسمانی بون بەخوێن چڕان شەفەقی گرت
رۆح دۆژە تونێلی بونی دەبڕی

لقو چڵی درەخت بەبانگەشە سەوز ببوون..

بەگەڵاوە دۆڵ و دەشت و کۆڵانی شاریان پڕدەکرد :

شۆڕشی نوێ بێشکەی کۆرپەڵەی رادەژەند !!

***

هاتین هاتین لەجێماوەو رەمزو نیشانەی بێ زمانی

لەقەندیل و جافایەتی و خاکی توانەوە رۆحا

لەتۆو بارانی شۆڕشەوە بون بە مۆمدان

مۆمدان بو بە گزنگێکی خۆکرد

بەرۆمانی وێنەییەوە جوگرافیای گرت

ئێرەو ئەویٚ بون بە تاریکخانەی وێنە

وێنەی من و هەزارەها گەڵای بەربای

لەگزنگی نەخشەی بونی نەتەوەیا شۆرییەوە

بەشێکی لەرۆژنامەی کوردستانی نویٚ پاشکۆی ئەدەب و هونەر ژمارە 7580 لە رۆژی پێنج شەمە 2018/5/26دا بلاوبۆتەوە

# زمانی مەرگ

**بەبێ پرسیار گەردەلولی ئەوێنی دوا گڵکۆم بۆهات!!**
**نەپرسی بۆ فەزا شینی خەنەبەندانی بۆ بەرهات؟!**
**دڵ قیامەی تۆفانێك بوو خۆڵ گیای نەمری دەپۆشی**
**فەزا شینی شیرپەنجەیی ئاوی مەرگۆڵەی دەنۆشی**
**بپرسم بۆ رەمزی زمان خۆڵەمێشی رۆحی بایە؟**
**حەرف و وشە لەشەختەیی تابلۆی هەرەسی خوێنایە**
**شەونمی عیشق داباری سێبەری مەرگ والآیە**
**دڵ بەبۆی شەو کرایەوە عیشقە سەرابی لەیلایە**
**چییە ئەم رازی دێجورە نامەی مەرگی لە بۆنایە؟**
**لەگوڵ هات و شەبێخونی خەرامی خۆری کۆتایە**
**دۆژەی دەرون بە بای بۆران تەونی رۆح چونی هێناوە**
**بەخشندەیی خودا بۆمن زمانێکی داهێناوە**
**چراخانی دۆژە سارا عیشقە مەرگی کۆرپەڵەیی**
**دڵی دۆژەی بەمن بەخشی زمانی دوای قیامەیی**
**هەورە بۆسۆی مەرگەساتێك تێکەڵ بورجی رێکەوتە هات**
**کۆرپە مەرگی نەفخی سووری دوا زمانی ناوەختە کات**

